KOMAR

مارس
٢٠٢٥

# دیاردەی ئابووری بەرخۆریی لە هەرێمی کوردستان

نووسینی: دانا حەمید



## پێشەکی

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا دەچینە ناوی و باسی‌دەکەین، دیاردەی بەرخۆریی و مەسرەف و لێکەوتەکانییەتی لە هەرێمی کوردستان. لیرەدا هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی و ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوری لە بەرچاو دەگرین کە لەسەر پێ‌خۆنەگرتووە، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا بەو شێوەیە نییە. بەڵام لە ناوەڕۆکدا لەرزۆك و شێواوە، هەروەها لە ڕووی ئابورییەوە هیچ بنەمایەکی دەزگا ئابووریی و سیاسییەکانی تێدا نییە و ئەوەی حوکمی دەکات دیاردەی بەرخۆریی و مەسرەفکردنە لە سەرجەم کایەکانی حکومەتدارێتی‌دا. واتە پایەکانی لەسەر بەرخۆریزم ڕاوەستاوە و هیچ بەرهەمێکی نییە، ئەمەش لەوە دەرچووە کە حاڵەت بێ بەڵکو بووە بە دیاردە . بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی مەسرەفگەرایی لە هەرێمی کوردستان دیاری بکەین و بچینە ناو پێکهاتەکانییەوە ، پێویستی بە چەندین توێژینەوەی ورد و قووڵ هەیە، بەتایبەت لە ڕووی ئابورییەوە . چی وایکردوە کە بەرخۆریزم بچێتە هەناوی هەموو کەرتە ئابورییەکانەوە و بەتایبەت لەوە دەرچووبێ کە چارەسەری ئابوریانەی بۆ بکرێت.

ئێستا بە تایبەت کە «ئێستایەکی ئابووری-سیاسی»یە، واتە ئەو هەل‌ومەرجە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە چیین کە بەرخۆریزم لە کوردستاندا هەیە و ناتوانرێ چارەسەر بکرێ بەو ڕێگاچارەی خۆی کە دژی دەگیرێتە بەر. بێگومان بە سەرجەمی ئەو بکەرانەوە کە لە ئێستادا ئامادە و دەستبەکارن، هەم ئەو ئێستایە «ئێستایەکی تیۆرییە» واتە بۆ دیاردەی بەرخۆریی و مەسرەفکردن لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، پێویستمان بەو تیۆرییە ئابورییە هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا و چارەسەرکردنی ئابورییەکان بۆ درم و پەتاکانی مەسرەفگەرایی لە کوردستان.

بەرخۆریزم وەك كێشەیەكی فكری و ئابووری و سیاسی و كەلتوری، كۆمەڵێك پرسیاری تیۆری و مەعریفی ئاڵۆزی لە دەوری خۆی كۆكردۆتەوە كە هەندێكیان پێویستی بە كات و میتۆدی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بە باشی لێی بكۆڵرێتەوە. دیاردەی بەرخۆریزم واتە مەسرەفگەراییەكی لەڕادەبەدەر لە بەفیڕۆدان و بەكاربردندا، كە شتێكت لە كاڵا و خزمەتگوزاری نییە بەرهەمی بهێنی و هەر مەسرەف دەكەیت، مەسرەفكردن بە ئاشكرایی دەكرێت و لەوە دەرچووە كە شاراوە بێت. لە مێژووی ئێمەدا بەرخۆریزم بە شێوەیەك بووە بە ئەخلاقی سەرەكی بەشێك لە تاكەكانی كۆمەڵگا و هەر مەسرەف دەكەن بێئەوەی بزانن كە شتێكیان نییە لە بەرهەم كە شوێنی مەسرەفی پێ پڕبكەنەوە. بەرخۆری لە كۆمەڵگای كوردستان بووە بە دیاردەیەكی حەشامات و جەماوەری بەرفراوان، لەوە دەرچووە كە ئاكاری ئەم تاك یان ئەو گرووپی تایبەتی ناو كۆمەڵگا بێت بە تەنها، بەڵكوو گشتگیر بۆتەوە ، سەرجەم پرۆسەكانی گرتۆتەوە و هەناسەدانی لە بەشە ئابورییەكان بڕیوە. واتە هەم چینەكانی خوارەوە و هەم ناوەڕاست و هەم ئەو نوخبە دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەی بە شێوەیەكی ئەفسانەیی لە سالانی ڕابردوودا دەوڵەمەند بووە هەموویان بەشێكن لەو شەپۆلی بەرخۆرییەی لەم وڵاتەدا دروست بووە، ئەم بەرخۆرییە لە هەموو ئاڕاستەكاندا بوونی هەیە و كۆی گشتی پرۆسە سیاسی و ئابورییەكانی گرتۆتەوە.

دونیای ئێمە لە بەرخۆرییەوە ئالاون، ئاواش بەشە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەكەی وڵات (وەك چینە بەرخۆرەكە) ئەوانیش بەرخۆرن. هەموو یەكە كۆمەڵایەتییەكان بەرخۆرن، خێزان، خێڵ، حیزب، مزگەوت، دەزگاكانی كۆمەڵگای مەدەنی و هەموو دەزگاكانی وڵات سەرتاپا بەرخۆرن و لە مەسرەفگەراییەكی ڕووت ئالاون.

خاڵێکی‌تری گرنگ ئەوەیە کە بەرخۆری وەك دیاردەیەك، خۆبەخۆ و خۆڕسك نییە و گەشەکردنێکی سروشتیی و خۆڕسکی کۆمەڵگای ئێمە دروستی نەکردووە، بەڵکوو بەر لە هەموو شتێك دیاردەیەکی سیاسییە و ستراتیژێکی تایبەتی کارکردنی دەسەڵات و مۆدێلێکی تایبەتی دەسەڵاتدرێتی دروستی کردوە و ئاڕاستەی دەکات. لە ئەدەبیاتی زانستییدا ئەوەی لە پشتی ئەم سیستەمە بەرخۆرییەوە وەستاوە ، «ئابورییەکی کرێخۆریی- ڕانتیی»یە کە لەسەر مەسرەف وەستاوە و کەرەستەی خاو، لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە سەر فرۆشتنی نەوت، لە بازاڕەکانی جیهاندا و لەسەر خەرجکردنی پارەی ئەو نەوتە دەژی کە لە ڕێگەی ئابووری کرێخۆرییەوە دەستی‌دەکەوێت.

ئابووری کرێخۆریی بەو جۆرە لە ئابووری دەگوترێ کە داهاتە ئابورییەکان تێیدا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوە بە دەست‌نایەت، بەڵکوو لە ڕێگەی بازرگانیکردن بەو کەرەستە خاوانەوە بەدەستدەهێنرێ کە لە وڵاتدا هەن. پارەی ڕەیع پارەیەکی ئاسانە و ئیشی زۆر و ماندوبوونێکی ئەوتۆی ناوێ کە بەدەستبهێنرێ. زیاتر ئاکامی دیاری و پاداشتی نەوتە کە وەك سەرچاوەیەکی مەسرەف و بەرخۆریی وەریدەگرێ و هیچی نییە لە بەرامبەردا شوێنەکەی پێ پڕبکاتەوە.

کۆمەڵگای بەرخۆر، پشت بە بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریی دەبەستێ نەك بەرهەمهێنان، واتە سەرمایەگوزاری و پاشەکەوتی نییە کە پایەیەکی گرنگە بۆ دەرچوون لە بازنەی بەرخۆریزم. بەرخۆری وەك پێدراوێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی و... توانا و هێزی خۆی هەیە کە گرووپ و دەستەی خۆی کە کەرووی مەسرەف گرتوویەتی، بە سەر گرووپ و تاقمی تردا بسەپێنێ کە هێشتا نەکەوتوونەتە ناو بەستێنی هێزی بەرخۆریزمی یەکەمەوە. بۆیە پێویستە تارماییە ترسناکە ئابورییەکانی بەرخۆریی دەستنیشان

بکەین و لێکەوتەکانی دیاری بکەین و میکانیزمی چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.
وەك وشیار مەعروف دەڵێ: «دیاردەی بەرخۆریزم و مەسرەفگەرایی کە ڕوو دەکاتە کۆمەڵگایەك و سەرجەم کەرتەکان دەگرێتەوە، کاری لە پێشینە ئەوەیە کە دەستنیشانی نەخۆشییەکە بکرێ و دواتر قۆناغ بە قۆناغ ڕێگاکانی چارەسەر بخرێتەروو و کار بکرێ بۆ وەبەرهێنان و ئەو لەشکرە بەرخۆرەی دروستکراوە، کەمبکرێتەوە و هەلی دۆزینەوەی کارکردن لەڕێگەی ئابورییەوە پێیان بدرێت»(مەعروف، ٢٠١٩).
یەکێکیتر لە هۆکارەکانی دروستبوونی بەرخۆریی لە هەرێمی کوردستان، زیاتر قەیرانی بەڕێوەبردنە لە کاروباری ئیداری حکومڕانیدا، واتە دەزگا حکومییەکان کە بەرخۆریی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دروستبوون تێیدا، بۆ نموونە لە فەرمانگەیەکدا کە پێویستی بە (٥٠) کارمەند هەبێ، ڕێژەکەی لەوە زیاترە و بگرە دووقات کراوەتەوە بەتایبەت لە سلکی سەربازییدا، ئەو کەلتووری بەرخۆرییە گەیشتۆتە ترۆپکی خۆی کە ڕێژەیەکی زۆری مووچەخۆر هەیە بەڵام لە واقیعدا بوونیان نییە و تەنها ناوەکەیان بۆ وەرگرتنی مووچەکە هەیە. ئەمەش ئەو بەرخۆری و ئابورییە ڕەیعییەیە کە سەرچاوەکەی نەوتە و هۆکاری دروستبوونی بەلێشاوی ئەو هەموو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییەیە کە لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و بەئاسانی چارەسەر ناکرێت.
یەکێکی تر لەو کێشانەی کە بەرخۆریی دروست دەکات و فەیلەسووفی ئەڵمانی (مارکۆزە) لە کتێبی (مرۆڤی تاکڕەهەند) باسی دەکات و پێی وایە: «مەسرەفگەرایی ئینسانی تاکڕەهەند لە ئاستی گشتییدا بێپرسیار و مەسرەفکەر دروست دەکات». و هەموو شتێك لە مەسرەفکردندا دەبینێتەوە، واتە مەسرەفگەرایی تەڵەیەکە کە بۆیاخکراوە و ئامادەکراوە بۆ

كڕیاری مەسرەفكەر بێئەوەی بەخۆی بزانێت وەك بۆمبێكی تەوقیتكراو دەبێتە میوانێكی ناوەخت بۆ كاراكتەری بەرخۆر.

خاڵێكیتری مەسرەفگەرایی پەیوەندی بە چێژپەرستییەوە هەیە كە وادەكات ئینسانی بەرخۆر تەنها بیر لە كۆمەڵێك قازانج و دەسكەوتی ئابووری بكاتەوە، كە دواتر ڕۆڵی تێكدەرانەی دەبێ لەسەر ئاستی گشتی كۆمەڵگا و وادەكات ڕووبەری گشتیی تووشی شڵەژان و نارێكی ببێتەوە و بەئاسانی بۆ سەر باری ئاسایی خۆی نەگەڕێتەوە.

ڕوویەكیتری مەسرەفگەرایی پەیوەندی بە ڕیكلام و دونیای نمایشەوە هەیە، كە من و تۆی كڕیار ڕوو دەكەینە بازاڕ بۆ كڕینی كالایەك ، بەرخۆریی من و تۆ وادەكات كە ئارەزووی تێركردنی غەریزەی كڕینمان تەواو نەبێ و مەیلی كڕینی مەسرەفی زیاتر بكەین. ئەمەش دەرئەنجامی ڕوویەكی تری فریودەرانەی مەسرەفگەراییە لە دونیای ئەمڕۆدا كە لەڕێگەی كالاوە بۆ بەرخۆر و كڕیار خۆی نمایش دەكات. كوردستانیش بەدەر نییە لەو پەتایە و بەشێكە لە ساغكردنەوەی بازاڕی ئەو مەسرەفگەراییەی كە ڕوودەكاتە ئەم وڵاتە.

بەرخۆریزم پایەیەكی سەرەكی و بنەڕەتییە بۆ مانەوەی سیستەمی دیكتاتۆری و دەسەڵاتەكەیان. بەو مانایە كە هەتا بەرخۆریی لەو سیستەمە ستەمكارییانەدا هەبێ، گەرەنتییە بۆ مانەوە و بەردەوامیدانی دیكتاتۆر لە سەر سوڵتەكەی بۆ ماوەیەكیتری درێژتر لە حوكم و ستەمكاری. واتە لەڕێگەی ئەو ئابوورییە ڕەیعییەوە كە سەرچاوەكەی نەوت و گازە، تەمەنی خۆیان زیاتر درێژ دەكەنەوە ئەویش بە دامەزراندن و بەرتیلدان بەو لەشكرە مەسرەفكەرەی كە كۆشكەكەی دەپارێزن. بەشێك لەم سەربازانە لە (كایەی سێبەر)دا كار دەكەن و كۆنترۆڵی دەنگە ناڕازییەكان دەكەن و پارێزەری ئەو كەلتووری ستەمكاریی و مەسرەفگەراییەی كۆشكی دیكتاتۆرن.

مەسرەفگەرایی خولیا و مەیلێکە هەم چێژبەخشە و هەم ئازاراوی ئەم سەردەمەیە کە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و... دروستدەکرێ بۆ ئەوەی ئینسان لە ڕاکردنێکی بەردەوامدا بێ بەدوای کاڵا و خزمەتگوزاریدا، واتە عەقڵێکی ئامێریی دروستکردووە بۆ ئینسان کە دەستبەرداری خۆزگە و دونیای مەسرەفی نەبێت. بەرخۆریزم پەنا بۆ زۆر شت دەبات وەك وێنای خەیاڵکردنەوە لە مەسرەفگەرایی و ئەو چوارچێوە پڕ لە مەسرەفییەی کە سازیکردوە، واتە مەسرەفگەرایی دونیای مۆدێرن زۆر چڕ و ئاڵۆزە، پێویستی بە گۆشەنیگای زۆر ورد و دەقیق هەیە تاوەکوو کەلێنەکانی مەسرەف لە ڕووە ئابورییەکەیەوە بدۆزینەوە و چارەسەریان بکەین لە ڕێگای بەرهەمهێنان و داهێنانی پێشکەتووی گەشەی ئابووری.

(سوبێکت- سوژە) ، لە نێوان ژیان و ئەندێشەی بەرخۆریی نێوکاڵایی دونیای ئەمڕۆ دا نقوم بووە، ئەو کاڵایە ژیانی داگیر دەکات و کاتی خۆی لە پارە و شتی تر بەفیرۆ دەدات. بە مانایەکیتر کاڵا ، ژیان و بیرکردنەوەی داگیر دەکات، وەك سیستەمی سەرمایە تەنیا بە گوێرەی پێویستییەکان شتەکان ناگۆڕێ بۆ بەرهەم بەڵکوو بەکارهێنانی بۆ بەرهەمەکان دەنێتەوە واتە کڕیار بۆ کاڵاکان ئامادە دەکات و خۆی ئاوێزانی «تۆری جاڵجاڵۆکەیی ئابووری مەسرەف» دەکات. بە مانایەکیتر مەسرەفگەرایی لە دونیای شاهانەی کاڵاکاندا دێوەزمەیەکە دیوە مۆدەکەی دەبینرێ، نووسەر لە وتارێکی تریدا بەناوی (سوبێکتی بەرخۆر) پێی وایە: پارادۆکسەکە ئەوەیە: «زبڵەکانی ناو بەرخۆری خۆی نابینرێت».

لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامە دەگەین کە کەلتووری مەسرەفگەرایی لە ڕووی ئابووری و سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، دیاردەیەکە کە ڕیشە و

ڕیشاڵەکانی لە زۆربەی بوارەکاندا ڕەگی داکوتاوە و چارەسەرکردنەکەشی ئاسان نییە بەڵکوو پێویستی بە توێژینەوە و دەرئەنجام هەیە تا ئەوەی دەگەین بە ئەندازەیەك لە چارەکردنی مەسرەف و کەمکردنەوەی بۆ ئاستێکی دڵخۆشکەر و قەناعەتپێکراو. مەسرەفگەرایی لە ئابووری کوردستاندا ئەوەندە فرەپەلوپۆیە کە ڕەگی لەنێو هەموو کایەکاندا هەیە و ئەو دۆخە ترسناکە ئابورییە کە بەرخۆری و بەکارهێنان زاڵمانە خۆی تێهاویشتووە.

ئەوەی بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لەم دۆخە بەرخۆرییە حیزب و ئەو لەشکرە مەسرەفکەرەیە لە ئینسان کە حیزب چیان پێبڵێ ئامادەن بۆ ئەنجامدانی. واتە ستەمکاریی حیزبی کە سەرچاوە سەرەکییەکەی ئەو ئابورییە کرێخۆرییەیە کە خۆی لە نەوتدا دەبینێتەوە و تێکەڵ بە ئەجێندایەکی ترسناکی مەسرەفگەرایی بۆتەوە. بەمانایەکی‌تر بەر جۆرێك لە «شۆکی مەسرەفگەرایی» دەکەوین کە ڕیشەکەی چەسپیوە. ئەوەی گرنگ و سەرەکییە بۆئەوەی ئابووری کوردستان لەژێر چنگی ئەو بەرخۆرییە دەربهێنین و ڕزگاری بکەین و مەسرەف بگۆڕدرێ بۆ بەرهەم و وەبەرهێنان، پێویستی بە هۆشیارییەکی دەستەجەمعی هەیە لە هەموو بوارەکاندا تاوەکو ڕێنمایی و چارەسەری پێویست بدۆزنەوە و بیخەنە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان بەگشتی و قەیرانی بەرخۆریزم بە تایبەتی.

## بەرخۆریی چییە؟

بەرخۆریی چالاکی کڕین و بەکارهێنانی ئەو شتومەکانەیە کە ئینسان لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیانە. شوێنی کڕینی ئەو شتومەکانەش بازاڕە، لێرەوە بەرخۆریی و بازاڕ دەبنە دووانەیەکی لێکدانەبڕاو. لەهەر شوێنێکی دونیادا کە باسمان لە بەرخۆریی کرد مەبەستمان بازاڕە و کە باسیشمان

له بازاڕ کرد مەبەستمان بەرخۆرییە . هەموو مرۆڤێك بۆئەوەی بژی و بمێنێتەوە پێویستی بەوەیە ڕۆژانە بڕێك بەرخۆریی بكات. هاوكێشەكە لەڕووی ئابورییەوە زۆر سادەیە، ئەگەر كەسانێك نەبن نان لە نانەوایەك، یان میوە و سەوزە لە بەقاڵێك بكڕن، یان جلوبەرگ لە كۆگایەك، یان گۆڤارێك لە كتێبخانەیەك، ئەوكات هیچ یەكێك لەو شوێنانە بوونیان نابێت و شتێكیش بەناوی ئابوریی دروست نابێت. بەم مانایە ئابووری بۆ ئەوەی وەك كایەكی تایبەت لە كۆمەڵگادا بوونی هەبێت بەرخۆریی دەبێ هەبێت. ئەوەی هەوڵی تێگەیشتن و خوێندنەوەی مانا و دەرئەنجامەكانی ئاستی ئەم وتارە سادە و گشتییەی بەرخۆریی نییە، ئەو ئاستەی بەرخۆریی نییە كە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە دابینكردنی پێداویستییە سەرەكییەكانی ژیانی ئینسانییەوە، واتە بەو ئاستەوە كە ئینسان پێویستی پێیەتی بۆ مانەوە و بەردەوامبوون. ئەوەی مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بە بەرخۆرییەوە وەك ئابووری و كەلتوور یان وەك فیكرەیەكی جەماوەری كە باس لە بەرخۆریی لە ڕووە ئابورییەكەیەوە دەكەین زانستییانە هەڵسەنگاندنی بۆ بكەین و لێكەوتەكانی لەسەر ژیانی كۆمەڵگا دیاری بكەین. و لە ڕووی كەلتورییەوە دەتوانین وەك بەشێك لە ئایدۆلۆژیای مەسرەفگەرایی سەیری بكەین. كە وەك هێما بۆ ئارەزوو و حەز و سیاسەتێك هەیە كە بەرخۆریی بە لاوە جوانە و هەوڵی زیاتر نەخشاندن و پیرۆزكردنی دەدات، وادەكات ببێت بە دیاردەیەكی جەماوەری واتە خەڵك هەموو مەسرەف بكەن و بەرهەمیان نەبێت. ئەمەش وادەكات بەرخۆریی لەم ئاستەدا لە ئاستە سادەكەی جیاببێتەوە و «بەها سەرەكی و باڵادەستەكانی كۆمەڵگا لە چالاكی بەرخۆرییەوە سەرچاوە بگرن».

لە سایەی بەرخۆرییدا، سێبەری مەسرەفگەرایی وەك تۆڕێكی

سیستەماتیکی ئابووری بەناویەکداچووە و لێکئالاون. تەنیا بە سەیرکردن دەزانی لە ناو ئەو ئوردوگا بەرخۆرییەدا کۆمەڵگا خەریکی چین و چۆن دەژین؟ ئەمەش بەشێکی تەپوتۆزی ئەو بەرخۆرییە لە ڕێگەی شەپۆلی سیاسەتەوە هاتۆتە ناو کایەکانی ژیان و ڕووبەری گشتییەوە. واتە ئەم بەرخۆرییە ڕووبەری گشتی بۆ خۆی داگیرکردوە، لەپێناو مانەوەشدا هەموو کارێك دەکات ئەڵبەت هێزی ئەم بەرخۆرییە دەبێ دەوڵەت یان حیزب یان دەسەلاتێکی ئابوری و سیاسی گەورەی لەپشتەوە بێ، ئەگینا هیچی پێناکرێت. و مەسرەف شێوەیەکی جیوەئاسایی هەیە و خۆی شۆڕدەکاتەوە بۆ ناو پنتە بچووکەکان و دزە دەکاتە ناو پانتاییەکانی ژیانەوە، میکانیزمی تایبەتی خۆی هەیە، و ئەم شێوازە لە شۆڕبوونەوەی بەرخۆریی ئەگەر لە چەند شێوەیەکی تردا دەرنەکەوێت ئاساییە و بگرە لە جێگایەکی تردا جەبەڕووتی خۆی دەردەخات و سیستەمێکی گشتگیر و سەرتاپاگیری مەسرەفگەرایی دروست دەکات.

ئێستا بەرخۆریی وەك جۆرێك لە «لەبەرگرتنەوە» و «زرەوێنە»ی لێهاتووە، هەندێکجار دژی حەقیقەتی خۆی دەوەستێتەوە و واقیعە مەجازییەکەی خۆی پێڕەوایە. لەم ئاستەدا بەرهەمهێنان وەك بەرخۆریی و بەکارهێنانی بێشومارەوە، پاشەکشە دەکات. واتە بەرهەمیش بەهۆی ئەوەی فەرامۆش دەکرێت بەهای ئاڵوگۆڕی دەگۆڕێ و بەرەو بەهای نیشانەی مەسرەف هەنگاو دەنێت.

فەیلەسوفی فەرەنسی (بۆدریارد) وەك ئەستورە باسی بەرخۆریی دەکات. بەختەوەریی‌ش وەك چەمکێکی مەسرەفکار، ئەو ئوستوورەیە کە کۆمەڵگای بەرخۆریی لەڕێگەی پرسی پێداویستییەوە دەیوروژێنێت تا مەسرەفی زیاتر و زیاتر بکرێت، مەسرەفێك کە چیدی بۆ پڕکردنەوە نییە بەڵکوو

هەر کاڵایەك نیشانەیەکە و درزێکی ڕەمزی پڕ دەکاتەوە. بەرخۆری بووە بە کۆپەیوەندییەك کە زمانی خۆی هەیە و فزوڵی خەڵك لەگەڵ یەکتردا دابەش دەکات. بەرخۆریی بۆتە سیستەمێکی نیشانەیی کە دەلالەتی زۆرتر لەوەی لێبارکراوە کە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی بێت. چیتر ئەوە کرێکاران نین کە بەرامبەر کاڵا بەرهەمهێنراوەکان تووشی نامۆیی دەبن بەڵکو ئەوە «پاڵەوانەکانی مەسرەف»ن و بریتیین لە هەموو خەڵك کە بەهۆی مەسرەفەوە توشی نامۆیی دەبن. لەم کەلتورە مەسرەفگەرایەدا، دەشێت بۆنەکانیش ببنەوە بە کاڵا. ئەمرۆ بەرنامەیەکی خۆراك لەسەر تەلەفزیۆن، لە پێناوی خواردنەکەدا نییە بەڵکو لەبەر دیوە نیشانەناسیەکەیەتی کە مەسرەفکردنی زەوق و ستایلێکی تایبەتە. دانیشتن لە کۆڕی بەندبێژیدا، مەسرەفکردنی بۆنەیە و کۆی بۆنەکە ڕۆڵی کاڵا نیشانەیەکی بەرخۆریی دەگێڕێت. لەم کەلتوورە بەرخۆرییەدا مرۆڤەکان شەکەتن بەڵام شەکەتی ماندوویەتی دۆخێکی ناچالاك نییە بەڕووی ئەنجامدانی چالاکییەکی زۆردا بەڵکو خۆی بریتییە لە نارەزایەتی لە دۆخی بەرخۆری خۆی.
کۆمەڵگای بەرخۆر، خۆی ڕۆڵی پێشەنگایەکی گەورە دەبینێ کە ئاوێنەکانی تیا کۆتایی هاتووە: بۆدریار پێی وایە: «ئاوێنە تووشی ئاوابوون هاتووە و لە جامخانە سەری دەرهێناوە». لە نەزمی مۆدێرندا، چیتر ئاوێنە بوونی نییە کە تاك بە باش یان خراپ ڕووبەڕووی وێنەکەی خۆی بێتەوە، ئەوەی هەیە چیتر جامخانە واتە ئەو شوێنە ئەندازەییەی مەسرەفکردن کە تاکەکەس چیتر بیری تیاناکاتەوە بەڵکو لە تەماشاکردنی جۆری شتەکان و نیشانەکان و بەرخۆری کاڵاکاندا و نەزمی پێگەی داڵەکانی کۆمەڵایەتی و... دەتوێتەوە. ئەو چیتر بیرناکاتەوە، تێهەڵدەکشێت  و لە دۆخی بەرخۆریی ئابووری و سیاسی مەسرەفکردندا دەتوێتەوە.

## سوبێکتی بەرخۆر

گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندی سوژەی مەسرەفکار لە کۆمەڵگای بەرخۆردا، کەڵەکەکردن و زۆر و زەوەندی مەسرەفکردنە لە لایەن سوبێکت خۆیەوە کە بێ‌گوێدانە دەرئەنجامەکانی کە زەرەر لە ئابووری و گیرفانی خۆی دەدات بیر لەهیچی‌تر ناکاتەوە... سوبێکتی مەسرەفی تەنیا بیری لای ئەوەیە کە مەسرەف بکات بێ‌ئەوەی بیربکاتەوە کە تۆ مەسرەف دەکەی دەبێ لە بەرامبەردا لە شوێنێکی‌ترەوە بەرهەم بهێنیت ئەگینا ناتوانی تا سەر لە بەرخۆریی مەسرەفکردن بەردەوام بیت. سوبێکتی بەرخۆریی، داواکاری زۆرە و ئەگەر بیخەیتە ئۆقیانووسێك لە خواستی‌تر، تێر ناخوات و هەردەم بیری لای ئەوەیە کە هی‌تری بۆ بێت، بێ‌گوێدانە بەرپرسیارێتی ئاستی هۆشیاری خۆی کە لە دواجاردا سەری لە ئاوابووندا نقوم دەبێت. واتە بوونی بەرخۆریی لەو شوێنەدا لای سوبێکتی مەسرەفکار بەرجەستە دەبێ کە بەرخۆریی تیایدا دەبێ بە سەرچاوەی شوناس، دەبێ بە سەرچاوەی بەها باڵادەستەکان و دەبێ بە بەشێك لە چاوەڕوانییە سەرەکییەکانی بکەری مەسرەفی و شتەکانی خۆی لە بەرخۆرییدا دەبینێتەوە و وای دادەنێ کە ئاوێنەی تێربوونی پێداویستیەکانی ئەوە. دەکرێ چەند قۆناغێك هەبێ کە مرۆڤی بەرخۆر پەنای بۆ دەبات و لە قۆناغی بەرخۆریی‌دا خۆی دەبینێتەوە، قۆناغی یەکەم قۆناغی «هەڵپەی بەرخۆریی»ە لای سوبێکت، کە جۆرێك لە پەتای بەرخۆریی بێ چاودێریی بەرخۆریی بێ قەید و شەرت و بێ‌سنور دروست دەبێ کە بکەر هەوڵ دەدات وەك تۆڕێك خەڵکی‌تریش پەلکێشی ناو ئەو جیهانی بەرخۆرییەی خۆی بکات.

جۆرێکی‌تری بەرخۆری لە ئاستی کۆ دایە، کە بەشی زۆری کۆمەڵگا

وەك سوبێكتێكی گشتگیر بەشدارن لەو گەندەڵیی بەرخۆرییەدا، کە لە ئەنجامی پڕنەبوون سك هەڵگوشین دروست دەبێت. تێرکردنی ئەم گرووپە ترسناکترە و کاتی زۆری دەوێ بۆئەوەی بزانێت داواکارییان چییە و چۆن قەناعەتیان پێبهێنیت؟ وەك ئەم بەرخۆرییەی ئێستا کە بەهۆی ئابورییەکی کرێخۆرییەوە دروستبووە، سوبێکتێکی زۆری کۆمەڵگا بەشدارە تێیدا و ژمەکانی دەخوات.

**بەرخۆریی و پرسی نایەکسانی ئابوریی**

بەرخۆریی و نایەکسانی ئابووری چ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە، ئایا بەرخۆری دەبێتە هۆکاری نایەکسانی ئابووریی لە دابەشکردنی سامان و عەدالەتی کۆمەڵایەتییدا.

کاریگەری نایەکسانی ئابووریی لە پێکهێنانی بەرخۆرییدا؟

گومانی تێدا نییە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا پرسی نایەکسانی هەبوو ئەوا بەرخۆریی بەڕادەیەکی بەرچاو لەو ناوچەیەدا بوونی هەیە و پاشاگەردانی ئابووری دروستکردووە و نایەکسانی هەیە لە بەڕێوەبردن و دابەشکردنی سامان و داهاتی ئەو ناوچەیەدا. و مرۆڤ بە قووڵی لە یەك جیاوازە، بەڵام کۆمەڵگاکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە مەسەلەی یەکسانی و نایەکسانی و پرسی ئابووری و بەرخۆری وەك مژارێکی ئابوری گەرموگوڕ. زۆرێك لە هۆکارەکان بەرخۆریی بە فاکتەرێکی گرنگ و بنەڕەتی نایەکسانی ئابوریی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی دەزانن، بەتایبەت لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا کە هەموو سەرچاوەکانی داهات قۆرغ دەکەن و سیستەمێکی ستەمکاریی پۆلیسی بونیاد دەنێن بۆ خۆیان و هەرچی لە خۆیان نەبێ وەری ناگرن و

ئەوەشی لەگەڵ بۆچونی ئەواندا نەبێ یان لە کونجی زیندان توند دەکرێ، یان مەرگ دوا مەنزڵێتی. و ئەم سیستەمە ستەمکارانە بودجەیەکی خەیاڵی لە دەستە و تاقمی خۆیاندا سەرف دەکەن و بەرخۆرییەکی زۆر هەیە لە سەرجەم کایەکانی ئەم جۆرە لە حکومرانی کە هەناسەدانی ژیان تیایاندا ئەستەمە و هەموو شتێك بۆنی ستەمکاریی و بەرخۆریزمی حکومرانی ئەوانی لێدێت.

بەرخۆریی لە پەیوەندیدایە لەگەڵ گەندەڵی و ناشەفافیەتی ئابووری، چون پێی‌خۆشە کە شەفافیەت و یەکسانی نەبێ ئەگەر وابێ ئەوا ئەو کاتە سیستەمی بەرخۆر و کاراکتەری مەسرەفکەر ناچار دەبێ لەژێر یاسادا کۆڵ بدات و تەسلیمی واقیع ببێت. چی دەرئەنجامێك لە سزا چاوەڕێی دەکات دەبێ بینۆشێت. دەشێ سەرەتا نایەکسانی ڕۆڵی هەبێ لەوەی بەرخۆری گەندەڵی بەرهەم بهێنێ.

چۆن گەندەڵی نایەکسانی بەرهەم دەهێنێ، هاوشانی نایەکسانی بەرخۆریش دروست دەکات ئەمەش ڕۆڵی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیی و ئابوریی کەمدەکاتەوە لە پرۆسە ئابورییەکاندا. واتە گەندەڵی و بەرخۆریی کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کێ چی وەردەگرێت. یان کێ چی پەیدا دەکات. لە لایەك ئەم کاراکتەرە بەرخۆر و گەندەڵانە لە هەمان ئاستدا دەستیان دەگات بە پەیوەندییە سیاسی و ئابورییەکان و هەلی بیرۆکراسییەت و فەساد و گەندەڵاندن دەدەن و حەز ناکەن پرۆسەکە بەسەرکەوتویی ئیدارەی خۆی بکات.

## بەرخۆریی لە کوردستان

ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕاگوزەریش بە کوردستاندا تێبپەڕێت، دەزانێت گەورەترین چالاكییەك ئینسانی ئێمە ئەنجامی بدات بەرخۆرییە، بەرخۆرییەکی گەورە و بەرفراوان و هەمەجۆر، هەم لە شارە گەورەکانی کوردستان و هەم لە شارۆچکە و گوندەکانیشدا. لە ڕاستی دوور ناکەومەوە گەر بڵێم کۆمەڵگای ئێمە بووە بە یەکێك لە بەرخۆرترین کۆمەڵگاکانی ناوچەکە، کۆمەڵگایەك کە ئەوەی دەیخوات خۆی بەرهەمی ناهێنێت و ئەوەشی بەکاریدەهێنێت لە شوێنیترەوە دەیهێنێت. بە هەموو مانایەکیش ئەم دۆخە دۆخێکی تازەیە، کۆمەڵگای ئێمە بەدرێژایی مێژووی خۆی لەم دۆخی بەرخۆرییەی ئەمڕۆدا نەژیاوە، بەرخۆریی هەرگیز چالاکیی سەرەکی ئینسان و کۆمەڵگای ئێمە نەبووە، بەشێکی بەرچاوی ئەوەشی ئەم کۆمەڵگایە بەکاریهێناوە خۆی بەرهەمهێنەری بووە. مۆدێلی بەرخۆریی ئەمڕۆکە شێوازی بەرخۆرییەکی نوێیە، جۆرێکی تازەی چالاکیی و سەرقاڵییە کە پێشتر لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونیان نەبووە یان گەر هەبووبێ بەو ڕادەیەی ئەمڕۆ نییە کە سەرتاپای جەستەی کۆمەڵگای ئیفلیج و بێکار کردووە، واتە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی ئێمە لەگەڵ بەرخۆرییدا دەست و پەنجە نەرم بکەن.

نووسەر «مەریوان وریا قانع»، باوەڕی وایە کە سێ هۆکاری سەرەکی لە پشتی ئەم «بەهاری بەرخۆریی»یەیە و پێی وایە لە پشتی ئەم ڕاستییەوەیە کە بەرخۆریی لە دونیای ئێمەدا وەك جۆرێك لە ئایدۆلۆژیای لێهاتووە، بەو مانایەی کە لە بەرخۆرییەکی سادەوە گۆڕاوە بۆ بەرخۆریزم واتە گشتگیر بووە و ئاسەوارەکانی زۆر شوێنی گرتۆتەوە. بە باوەڕی ئەم نووسەرە، یەکەمیان پەرەسەندنی ئابووری نەوتە لە کوردستاندا تا ئەو شوێنەی دەرهێنان

و فرۆشتنی نەوت بووە بە یەکێك لە چالاکییە ئابورییە دەگمەنەکانی دونیای ئێمە. دووەمیان دروستبوونی کۆمەڵێك گۆڕانکاری دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەورەیە کە لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا هاتوونەتە ئاراوە و کایەکەیان داگیرکردوە و ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتی گەورەی بۆ ویست و حەز و توانای بەرخۆریی دروستکردووە. واتە بەرخۆریی لە کوردستاندا یەکەیەکی مادی کۆمەڵایەتی و ئابووری تایبەتی لە پشتەوەیە کە وایکردوە «دیاردەی بەرخۆری» گەشە بکات و ببێت بە «بەرخۆریزم».
خاڵی سێیەم دروستبوونی مۆدێلێکە لە دەسەڵات و حوکمڕانی کە دەیەوێ لەڕێگەی بەرخۆرییەوە ڕەوایەتی بە بوونی ئەو شێوازە لە دەسەڵاتدارێتی بدات کە لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا دروستبووە. ئەم گۆڕانانە بەیەکەوە وایکردوە نەکرێ بەرخۆری تەنها بۆ چالاکییەکی ئابووری، یان بۆ ڕەهەندە سیاسییەکانی کورت بکرێتەوە، بەڵکو بووە بە ستراتیژێکی تایبەتی دروستکردنی جۆرێکی نوێ لە کەسایەتی، جۆرێکی نوێ لە ئینسان و کۆمەڵگا کە تیایدا ئابووری و گەشە و گۆڕانی دیمۆگرافی و داواکاریی و مەیلەکانی مۆدیلێکی تایبەتی دەسەڵات بەشێوازێکی ئاڵۆز و فرەلایەن بەناویەکدا چوون و لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بوون، واتە بەرخۆرییەکە تەنها یەك هۆکاری نەگرتۆتەوە تەنها ئابوری یا کۆمەڵایەتی یا سیاسی و فەرهەنگی بێت، ئەوەی هەیە لە کوردستاندا جۆری بەرخۆرییەکە هەمەلایەن و فرەپەلوپۆیە و سەرجەم ڕووبەر و پانتایی کایە گشتییەکانی گرتۆتەوە، بەو مانایەی کە هەموویان بەسەریەکەوە تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی لە بەرخۆریزم دروستبووە کە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی پێویستی بە ڕاڤەی زۆر ورد هەیە بۆئەوەی ئاسەوارەکانی دیاری بکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.
لە کۆتاییدا هەموو ئەوانەی باسمان کرد وایکردوە بەرخۆریی ببێتە

سیاسەتێکی «خودسازی» کە بە پلەی یەکەم خودێکی بەرخۆر بە مانا ئەفلاتۆنییەکەی بەرهەم بهێنێت، بەڵام هاوکات لەوەش بەدەر نییە کە لە ژینگە کۆمەڵایەتیی و ئابوریيە تايبەتییەکەی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەگەری دروستبوونی تاکەکەسێکی بەرپرسیاریش بەتایبەتی مەیسەر بکات. واتە تاکێکی چاوکراوە و هەستیار و بیرتیژمان هەبێ کە بەرخۆریزم کاری تێنەکات و هەوڵبدات کە کۆمەڵگا لە ئاسەوارە مەنفییەکانی ئاگادار بکاتەوە و تەقەللای زۆریش بدات ئەم ئامانجەی زۆرترین تاك و کایەی کوردستان بگرێتەوە بۆ ئەوەی لە بەرخۆریزم ڕزگاریان بکات، وایان لێبکات کە بەرخۆر نەبن و هۆکارێکی بەرهەمێنەر بن بۆ خۆیان و پاشان خەڵك و دەوروبەری کۆمەڵگا.

## جۆرەکانی بەرخۆریی لە کوردستان

بەرخۆریی لە کوردستاندا دۆخێکی فرەجۆر و فرەڕەنگە، ئەمەش گرێدراوی شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و توانای ئابووری و هێزی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانەن کە لە وڵاتەکەدا ئامادەن. دەکرێت سێ ئاستی جیاوازی بەرخۆریی لە کوردستاندا لە یەکتری جیا بکەینەوە.

### ١- بەرخۆریی چینی بۆرژوا و دەوڵەمەندەکان

جۆری یەکەمیان ئاستێکە لە بەرخۆریی کە بێدوودڵی دەکرێ بە ئاستی بەرخۆریی چینە بۆرژوا هەرە دەوڵەمەندەکانی خۆرئاوا و شێخەکانی خەلیج و مافیا دەوڵەمەندەکانی ڕووسیا و ئیتالیا بەراورد بکرێت. ئەمانە هەم لە ناو کوردستان و هەم لە دەرەوەی کوردستاندا ئەو جۆرە لە کردەی بەرخۆریی پیادە دەکەن کە شوێن و جێی ئەوان لە ڕیزی هەرە سەرەوەی هەرەمی کۆمەڵایەتییدا نمایش دەکات. بەرخۆریی ئەمانە تەعبیرێکی ڕاستەوخۆیە

له برِ و ڕادەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕەمزیی ئەوان. بەشێکی زۆری ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە دەسەڵاتدارانی وڵات و ئەندامانی ئەو بازنە بچووکەن کە نزیکایەتییان لە دەسەڵاتدارانەوە کردوونی بە ملیۆنێرە تازەکانی دونیای دوای ڕاپەڕین. ئەمانە کاڵا ئەوروپییە گرانبەهاکان بەرخۆر دەکەن، خانوبەرەی زەبەلاح و سەیرانگای گەورە دروست دەکەن و سەفەری گران بۆ دەرەوەی کوردستان ئەنجام دەدەن و پارەی مۆڵ لە ئاهەنگەکانیاندا بە کاشی سەرف دەکەن. ئەمانە ئەو ئۆتۆمبیلانە بەکاردەهێنن کە کارخانە گرانەکانی دونیا دروستیان دەکەن و باکیشیان لەوە نییە لەم پێناوەدا پارەیەکی ئەفسانەیی سەرف بکەن. ئەمانە هەم خۆیان هەم خێزان و کچ و کوڕ و دۆستەکانیان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکردنی جەستە بە کاملی دەچنە نەخۆشخانە پێشکەوتووەکانی دونیا و ئەو نەشتەرگەرییانە ئەنجام دەدەن. هەندێك کەسایەتی دیاریکراوی ئەم گروپە تا ئەو شوێنە ڕۆیشتوون کە فڕۆکەی تایبەتییان بۆ هاتوچۆی خۆیان و خێزان و دۆستەکانیان کڕیوە تا ئەوەی گەشتی پێبکەن. لەناو کوردستانیشدا منداڵانی ئەم خێزانانە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا دەخوێنن و شێوە ژیانێك دەژین کە جیاوازە لە شێوە ژیانی ئاسایی زۆربەی هەرە زۆری منداڵانی کوردستان.

### ٢- بەرخۆریی چینی وردەبۆرژوا و دەوڵەمەندی هەڵتۆقیو

جۆری دووەمی بەرخۆریی ئەو توێژەی ناو کۆمەڵگان کە بە ڕاستەوخۆ و یان ناڕاستەوخۆ گرێدراوی چینی یەکەمن یان بەشێك لە سامان و پارەکانی چینی یەکەم کراوە بەناوی چینی دووەمەوە. یان چین و توێژی دووەم ئەو دەوڵەمەند و سامانداراانەن کە خزم و ناسیاوی توێژی یەکەمن ئەمەش پەیوەندی متمانە و باوەڕبوون لە لایەن چینی یەکەمەوە بە چینی دووەم

زیاتر دەكات، كە زۆربەی مۆڵكەكانیان بكەن بە ناویانەوە بۆئەوەی بڵێن: ئێمە هیچمان نییە و بەرخۆرن نین... ئاستی بەرخۆری ئەم چینە پلەیەك لە خوار چینی یەكەمەوەیە، بەتایبەت كە بەرخۆرییەكەیان ڕووی لە كاڵا نە هەرزان و نە گرانەكانی هاوردەی وڵاتانی دراوسێیە، بەتایبەت ئەوەی لە بازاڕەكانی توركیاوە دێتە كوردستان. ئاستی بەرخۆری ئەمانە بە چەند پلە نزمترە لە هەمان بەرخۆری گرووپی یەكەم. بڕێكی ئەم چینی ناوەندە هەمان خەون و خەیاڵی واقیعی بەرخۆری چینی یەكەمیان هەیە، بەڵام توانا و ئامرازی پیادەكردنی ئەو خەونەیان نییە، هاوكات ژمارەیەكی گەورەی ئەم چینە سڵ لەوە ناكەنەوە هەموو ڕێگایەك بۆ گەیشتن بەو ئاستی بەرخۆرییەی گرووپی یەكەم بگرنەبەر. ئەگەرچی ژمارە و زانیاری ورد و دەقیق دەربارەی ئەم گروپە لە كوردستاندا لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی ئامارە ڕەسمیەكان ڕێژەی ئەو خێزانانەی كە مانگانە توانایی خەرجكردنی دوو ملیۆن بۆ سەرەوەیان هەیە، (٢٧٪)ی خێزانەكانی هەرێمی كوردستان تێناپەڕێنێت(مەریوان وریا قانع، ٢٠١٢). ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم هێزە لە باشترین دۆخدا لە چوارچێوەیەكی دانیشتووانی كوردستان تێپەڕ ناكات، ئەگەر ڕێژەكە زۆر لەوە كەمتریش نەبێ، چونكە ئەو خێزانانەی دەتوانن مانگانە دوو ملیۆن دینار زیاتر خەرج بكەن، مەرج نییە هەموویان هەمان ئاستی بەرخۆریان هەبێ، ئەمەش حەقیقەتێكە دەبێ دانی پێدابنێین. چونكە دەشێ خێزانێك لە دوو كەس پێكهاتبێ بەڵام خێزانێكی تر لە هەشت كەس پێكهاتبێ، ئەمەش مانای ئەوەیە توانایی بەرخۆریی خێزانی یەكەمیان زیاتر دەبێ لە خێزانی دووەم، چونكە بە ژمارە ئەمان كەمترن و دەتوانن بەو پارە و داهاتەی هەیانە لە خێزانی دووەم بەرخۆرییەكەیان باشتر و زیاتر بێ، ئەڵبەت ئەمە بۆ خۆیان باشە ئەگینا لە

ڕووە ئابورییەکەیەوە مەسرەفە و لەگەڵ ئەخلاق و بنەما ئابورییەکاندا نایەتەوە.

## ٣- بەرخۆری چینی هەژار و پەراوێزنشینەکان

بەرخۆریی ئەم چینە بە ڕادەیەکی زۆر لە خوار دوو چینەکەی ترەوەیە لەمەر مەسرەفکردنەوە، چونکە ئەم چینە بەشی خۆیان بەرخۆرییان هەیە بەڵام بە هۆکاری ئەوەی بەشی ئەوە پارەیان نییە وەك چینی یەکەم بکەن. واتە ئەمان پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگان ، هەندێکیان ئاستی بژێویان زۆر لە خوار ژیانی ئاساییەوەیە و بگرە خێزانی واهەیە کە ناتوانێ خۆراکی ڕۆژانەی خۆی پەیدابکات. بە مانایەکی‌تر بەرخۆریی لێرەدا بە نیسبەت ئەم گرووپەوە، لە نزمترین ئاستی‌دایە بە بەراورد بە دوو چینەکەی دیکە.

ئەم ژمارانە وێنەی ئەم ئاستە تایبەتەی بەرخۆریمان بۆ ڕوون دەکەنەوە:

لە سەدا حەوتی خێزانەکانی کوردستان خەرجی مانگانەیان لە (٥٠٠) هەزار زیاتر ناتوانێ تێپەڕ بکات، واتە (٢٥٪) ی خێزانەکانی‌تر خەرجی مانگانەیان لەنێوان زیاد لە ملیۆن و کەمتر لە ملیۆنێکە. لەدوای ئەمانیشەوە (٤١٪) ی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان کە پارەکەیان خەرج دەکەن مانگانەیان لە ملیۆنێك دینار کەمترە، بەڵام ناگاتە دوو ملیۆن. بە واتایەکی تر ڕێژەی (٧٣٪)ی خێزانەکانی کوردستان ئاستی بەرخۆرییان نزمترە و ئەمەش زۆرینەی کۆمەڵگای ئێمە دەستنیشان دەکات.

وەك دەبینین توانایی خەرجی ئەم چینە لە ڕووی بەرخۆرییەوە نزمە و ئاستی بژێویان دیاریکراوە، لەناو ئەو هەڵئاوسان و بەرزبوونەوە بەردەوامانەی نرخی شتومەك و گرانییەی کوردستاندا ، ئەم خێزان و تاکەکەسانە ناتوانن خەرجی و مەسرەفی زۆر بکەن. بەڵام هاوکات ئەم زۆرینە دەسکورت و

کەمدەرامەتە «زۆرینەیەکی نابەرخۆر» نییە، ئەمانە شێوازێکی تایبەتی بەرخۆرییان هەیە. بڕێکی گەورەی ئەو بازاڕە هەرزانەی لە وڵاتەکەدا هەیە کە جۆر و کواڵێتیەکەیان نزمە و باش نییە، ڕووی لە بەرخۆری ئەم کاڵایانە کردوە. ناوەندی سەرەکی لەم مەسرەفە تایبەتییەدا بریتییە لەو بڕە لە کاڵا هەرزانانەی وڵاتی چین کە لە ڕێگای بازرگانییەوە هێنراونەتە کوردستان. کاڵایەك نە مەرجەکانی تەندروستی و نە مەرجی ئابوری و نە مەرجی مانەوە، بگرە هیچ جۆرە مەرجێکی پۆزەتیڤییان تێدا نییە، ئەوەی هەیانە تەنها هەرزانییە و بەس. لەڕاستییدا ئەم جۆرە کاڵا و خزمەتگوزارییە هەرزانە چینییانە سەرچاوەی چەندان بیماری و نەخۆشی ترسناکن و سەرچاوەیەکی سەرەکی پیسبوونی بەرفراوانی ژینگەشن. لە ئێستادا جگە لە نەبوونی توانای ئابووری بۆ گواستنەوەی شێوازی بەرخۆریی ئەم زۆرینەیە بۆ ئاستی یەکەم و دووەمی بەرخۆریی، هاوکات لانیکەمی هۆشیاریی ئابوریی و تەندروستی بە مەترسییەکانی بەرخۆری خراپ و بەکارهێنانی ئەو کاڵا بێمەرجانە لە ئارادا نییە کە بازرگانییەکی نابەرپرسیار و چاوچنۆکانەی پارەپەیداکردنی چینی دەستڕۆیشتووی دەسەڵاتداران.

ماوەتەوە ئەوەی بڵێین کە نەبوونی هۆشیارییەکی ڕەخنەیی و نەبوونی هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی بەرفراوان جا لەسەر ئاستی تاک و کۆ دژ بەم بەرخۆرییە نابەرپرسیارانەی چینی دەسەڵاتدارانی بەرخۆریزم، هۆکاری سەرەکییە بۆئەوەی دیاردەی مەسرافگەرایی ئابوریی لە کوردستاندا بە فراوانی تەشەنە بکات و ئاسۆیەکی ڕەخنەگرانە و بەرپرسیارانە و چارەسەرکەر نابینرێ، بۆیە بەرخۆریزم بەشێوەیەکی تۆکمە و پتەو، زەبر و شۆکی ئابووری خۆی دەسەپێنێت.

## لێکەوتە ئابورییەکانی بەرخۆریزم- مەسرەفگەرایی لە کوردستان

### لێکەوتەی ئابووری

یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو مەسەرافگەراییە ئابورییە، نەبوونی دەستەیەکی خەمخۆر و دەسەڵاتداری شارەزا و لێهاتوویە کە بتوانێ لە کاتی قەیرانە ئابورییەکاندا هەلەکان بە فیڕۆ نەدات و چارەسەر بۆ قەیرانەکان بدۆزێتەوە. بەتایبەت دیاردەی ئەو مەسرەفگەراییەی کە بەرۆکی کوردستانی گرتۆتەوە ئەو «یەکسانییە ئابورییە» ی گۆڕیوە بۆ «شلەژانی پێوانی مەسرەفگەرایی ئابووری» کە هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم پشتبەستنە بە نەوت وەك سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی بودجەی وڵات، ئەمەش کێشەی گەورەی ئەو مەسرەفگەراییەیە، کە لە پەنای نەوتدا وەک سەرچاوەیەکی ئابووری، سوپایەك لە ئینسانی بەرخۆری دروستکردوە.

شادەماری بەرخۆریی لە کوردستاندا ئابوری نەوتە وەك تاکە داهات بە پلەی یەکەم. فرۆشتنی نەوت لە بازاڕەکانی دونیادا و خەرجکردنی پارەکەی لەڕێگەی بەرخۆرییەوە ئەو پاشخانە ئابووریە سادەیەیە کە لە پشتی دیاردەی بەرخۆریزمە لە کوردستان. ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە بە تەواوەتی پشتی بە پارەی ئابووری نەوت بەستووە و لە دەرەوەی ئەمە شتێکی ئەوتۆی نییە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ئەو چەند ملیۆن ئینسانەی لە کوردستاندا دەژین، دابین بکات. وەك ئەو دۆخەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە بە هۆی ئابووری نەوتەوە، کە پارەی کارمەندانی پێ دابین ناکرێ، وا بۆ ماوەی سێ مانگ دەچێ مافی فەرمانبەرانی مانگی (١ی ساڵی ٢٠٢٠)ی نەداوە. ئەو سیستەمە سیاسییەش کە لە پاڵ ئابووری نەوتدا دروست و باڵادەستکراوە سیستەمێکی کرێخۆرییە کە خۆی لەسەر ئابوری

نەوت بونیاد نراوە، کە ئابووری نەوتیش دابینکەری ئەو هەموو کرێخۆرییە کە خۆی دروستیکردوە. حکومەت دەیەوێ لەسەر شێوازی وێنەی دەوڵەتەکانی کەنداو ئەو گەشە ئابورییە بگوازێتەوە، کە ئەوان دروستیان کردوە. ڕاستە ئەوان خۆشگوزەرانی ئابووری و بژێوییان تارادەیەکی باش بۆ خەڵک فەراهەم کردووە بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەو ئابورییە ڕەیعییە کە بەهۆی نەوتەوەیە، ستەمکارییەکی درێژخایەن و خنکێنەری دروستکردوە، کە هەناسەدانی سیاسی و جیاوازی سیاسی بنبڕ کردوە و دەکرێ بە «ستەمکاریی نەوت» ناوزەدی بکەین. ئەم ستەمکارییە نەوتییە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مانەوە و بەردەوامیدانی ئەو سیستەمە سوڵتانیی شێوە فاشیستییەی دەوڵەتانی ناوچەکە و کوردستانیش بەشێکە لەو سیستەمە ستەمکارییەی کە ئابووری نەوت سەرچاوەکەیەتی. بگرە ئەم شێوازە لە دەوڵەتانی ئابووری نەوتی لە ناوچەکەدا هەرکامیان بگری سیستەم و دەسەڵاتی سیاسییان بە هەڵبژاردن یان گواستنەوەی ئاشتییانە و ئازادانە بۆ بەرامبەر چۆڵنەکردوە، بگرە هۆکارێك کە کودەتا یان خۆپیشاندان یان دەستی دەرەکی یان شۆڕشی جەماوەری لایبردوون. ئەم دەسەڵاتە ستەمکارییە نەوتییەی وڵاتانی ناوچەکە حەزیان بە دیموکراسی و ئازادی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە، ئەو ستەمکارییە نەوتییە لە کۆتاییدا لەناویبردوون.

## ئابوری کرێخۆریی: نەوت وەک بەشێک لە بەرخۆریزم

ئابوری کرێخۆری ئەو ئابورییەیە کە داهاتی وڵات و بەتایبەت داهاتی ئابوری کوردستان لە ڕێگەی فرۆشتنی یەکێك لە سامانە سروشتییەکانەوە دابین دەکات، گەرچی ئابووری کرێخۆریی جۆرە ئابورییەکە کە ڕیشەکەی

دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش سەرمایەداری مۆدێرن و لە ئاستی تاکەکەس و گروپی بچووکدا کارا بووە و مۆڵکانەیەك بەرامبەر بە زەوی و موڵکێك وەرگیراوە. کوردستانیش خاوەنی ئەم جۆرە ئابورییەیە و نەوت بەشێکی سەرەکی داهات فەراهەم دەکات، لە ئابووری سیاسییدا قسە زۆر کراوە لەسەر ئەم جۆرە ئابورییەو جەخت لەسەر ماهییەتی دژە دیموکراتیکی ئەم ئابووریە کراوە، چونکە دەسەڵاتداران بەبێ ئەوەی بە پرۆسەی بەرهەمهێنان و باج و عەقڵانییەتی پرۆسە ئابورییەکاندا بڕوات، دەبنە خاوەنی ئابووری و داراییەکی زل و راستەوخۆ، لێرە دایە کە لە خەڵك بێ‌منەت دەبن و سەرمایەیەکی زۆر کەڵەکە دەکەن و خەڵك دەکڕن و پاشان چەك و تەنانەت پشتیوانی ئەمنیش بۆ خۆیان دەکڕن... بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە و بۆ ماهییەتی توێژینەوەکەی ئێمە بایەخی هەیە، ئاوڕدانەوەیەکی کورتە لەسەر لێکەوتە ئابورییەکانی ئەم جۆرە لە ئابووری کرێخۆریی و ئابوریی نەوت، بەهۆی ئەو پارە مۆڵ و خێرایەی کە دێتە گیرفانی حیزبە ستەمکارەکانی کوردستانەوە. بازنەی ئەم کرێخۆرییە نەوتییە کە «ستەمکاریی نەوت، ستەمکاری حیزبی» دروستکردوە... کە ئەوەی لەگەڵیاندا نەبێ بە دژە دیموکراسی و دژە بە وڵات ناودەهێنرێت.

بەمانایەکی‌تر، ئابوری کرێخۆری نمایشی شێوازێکی‌ترە لە ستەمکاری بەرخۆرییانەی دەسەڵات کە بە چەندین جۆر خۆی دەخاتەڕوو، لە ڕوویەکەوە ئەم ئابورییە کرێخۆرییە بۆ ختووکەدانی هەستی عەوامپەسەندانەی زۆرینەی جەماوەرە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتیان بۆ دروستدەکات، ئەم نەغمەیە لە کوردستان ماوەیەك بانگەشەی گەرمبوو، لەو ماوەیەدا پارەیەکی زۆر بەناوی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە وەك کەمپین بۆ ئەم پرۆسەی دەوڵەتسازییە

سەرف دەکرا، کە هیچ ئەنجامێکی نەبوو جگە لە کارەسات و ماڵوێرانی ئابووری، کە مەسرەفگەراییەکی نوێی ئابووری بوو بۆ بانگەشەکردن.

## ئابوری نەوت یان ئابوریی تالآنی/ چەتەیی

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بیرکردنەوە و ئاوڕدانەوەیەکی ڕادیکاڵ و ڕیشەییانەیە لە سەر دیاردەی بەتاڵانبردنی نەوتی کوردستان بەناوی ئابوریی سەربەخۆییەوە، کە ئەمەش هیچ بنەمایەکی یاسایی و پشتڕاستکردنەوەی لە سەر نییە و هیچ پشتیوانێکی نێودەوڵەتیی و ناوچەیی و ناوخۆیی نەبوو. ئابووری نەوتی هەرێم ڕۆڵی پارێزەر بۆ خەڵکەکەی دەبینێ یان ئابورییەکە کە لە خزمەت ئەجێندای دەرەکی‌دایە بەتایبەت بۆ وڵاتی تورکیا، گومانی تێدانییە کە نەوتی هەرێم وەك کرێگرتە زیندووکەرەوەی ئابووری تورکیا بوو ، و دەکرێ بە «ئابوری بە وەکالەت بۆ تورکیا» ناوزەد بکرێ. گرێبەستێکی پەنجا ساڵی لەسەر وزەی کوردستان بەگشتی و نەوت بە تایبەتی لەگەڵ تورکیادا کراوە. نەوتی هەرێم بۆ تورکیا وزەپێدەری ئابورییەکەی بوو کە دووبارە دژی کوردستان بەکاربهێنرێتەوە بەتایبەت ئەمیان ڕەهەندێکی سیاسی هەبوو لە پەیوەست دژ بە ڕۆژئاوای کوردستان. لەبارەی پەیوەندی نەوت بە تالآنییەوە دەگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکانی دکتۆر مێهرداد وەهابی مامۆستای زانکۆی سۆربۆنی شیمالی، ئەو لەو باوەڕە دایە کە ئەو دەوڵەتانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان و پێشکەوتوو نین بەڵام بڕێکی زۆر لە سەرچاوەی وزەیان لە نەوت و گاز و... هەیە، ئەو دەسەڵاتداریەتییەی هەیانە ئازاد نییە بەڵکو نەوت و گازەکە بووە بە سەرچاوەی ستەمکارییەکی تازە و دەرکەوتوو کە دەکرێ بە ستەمکاری بە تالآنبردنی نەوت ناوی بەرین. وەهابی ئەم

دەوڵەتانە بە دەوڵەتانی وێرانکار ناو دەهێنێ و پێی وایە نەوت فاکتەرێکی بەهێز و بەردەوامیدەرە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ستەمکارییان.
هەڵبەت لە کوردستانیش بەرخۆریزم چەندەها ئایکۆنی فووتێکراوی پارەی ئابووری بەتاڵانبراوی نەوتی گەورە کردووە، کە شاهانە لەسەر ئەو پارەی نەوتە یاری دەکەن و بەمانایەکی تر مەسرەفگەرایی ئابووری نەوت لە کوردستان لە پلەی تەواوی کوڵانی خۆیدایە و دەرەچەیەك یان ئاسۆیەکی خۆشبەخت بەدی‌ناکرێ کە ئابورییەکەی چارەسەر بکات کە ژیانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی لەسەر بەندە و ئەوە نەبێ، دەبێ چاوەڕێی دەرئەنجامی ترسناك و وێرانکەری تری ئابوری بەتاڵانبراوی نەوت بۆ جەماوەری کوردستان بکەین.

## چارەسەری قەیرانی بەرخۆریزم

بۆئەوەی چارەسەری بەرخۆریی بکەین وەك دیاردەیەکی ترسناکی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی کە بەرۆکی کۆمەڵگای کوردیی گرتووە، دەبێ حکومەت وەك بکەری سەرەکی سەرجەم دەسەڵاتە کارگێڕی و سیاسی و ئابورییەکانی، چاوبخشێنێتەوە بەسەرجەم کەرتەکاندا و بیر لەوە بکاتەوە دەرئەنجامی ئەو قەیرانی بەرخۆرییە چارەسەر بکات، یان هیچ نەبێ لانی کەم کەمی‌بکاتەوە. ئەویش بە هەماهەنگی‌کردن لەنێوان کەرتی تایبەت و گشتی و کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئابووری و بوارەکانی‌تر، بەوەی وەبەرهێنانی ناوخۆ زیاد بکات و مەسرەفکردن کەمبکرێتەوە، و چاوبخشێنێت بە کەرتەکانی ئابووری وەك نەوت و گاز، کشتوکاڵ، گەشتیاری و پیشەسازی، سیستەمی بانك و وەبەرهێناندا، بۆ ڕێکخستنەوەیان و دیاریکردنی ڕێرەوی کارکردنیان و

شەفافکردنەوەیان بەشێوەیەکی چالاك.

بەهێزکردنی سیستەمی وەربەرهێنان پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە مەسرەفکردن وەک پەتایەکی ئابووری هەیە لە خزمەت بنبڕکردن یا کەمکردنەوەی بەرخۆریی ئابوریی لە کوردستان. مەسرەفکردن وەک کاڵایەکی نمایشی، زێدەڕەوییەکی لەئەندازەبەدەر بۆ بەرخۆریی کاڵاکان دەکات بەو مەبەستەی ئینسان بکاتە دیلی ناو داوی فریودەرانەی دارایی مەسرەفکردن.

بۆ ئەوەی سیستەمی وەبەرهێنان چاك بکرێتەوە پێویستە مەسرەفکردن وەك پەتایەکی ئابووری هەوڵی بنبڕکردن یان سستکردنی بدرێ، نەك بەو مانایەی کە مەسرەفکردن بنبڕ بکرێ، بەڵکوو کارێکی ئابووری وەها بکرێ، کە بەرخۆری کەمبکرێتەوە چونکە بەیەکجاری لەناونابردرێت. لە بەر ئەوەی مەسرەفکردن کە کاڵایە و نمایشی خۆی دەکات، زێدەڕەوییەکی لەئەندازەبەدەر بۆ بەرخۆری کاڵاکانی دەکات و وادەکات کە ئینسان دیلی ناو تەڵەی فریودەرانەی دارایی مەسرەفکردن ببێت.

پێویستە چاوێکی جدی بە پەیوەندی نێوان کەرتی گشتی و تایبەتیدا بخشێنرێتەوە، پەیوەندییەك کە هاوبەشی لە کارکردن و هاوبەشی ئابوریی‌دا هەبێ. لەسەر بنەمای سەربەخۆکردنی وەبەرهێنان و کەمکردنەوەی مەسرەفکردنی ئابووری، واتە سیستەمی دارایی و ئابووری کوردستان سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە. و ئابووری بۆ سەرجەم ئینسانەکانی کوردستان بێت، و ئاڕاستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو پرۆژە ئابورییەکان و بۆ پاراستن و دورکەوتنەوە لە بەرخۆری و زێدەڕەویکردنی مەسرەفکردن. و دورخستنەوەی هەموو شێوەکانی قۆرغکاری مەسرەفکردن چ لە لایەن کۆ و تاکەوە بێ کە

ئامانجیان بەرخۆرییە، و ڕێگەیان لێبگیرێت و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگیرێ. و هێنانە کایەی پەیوەندی گرێبەستێکی هاوبەشی وەبەرهێنانی ئابووری و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی کە زەمینەی هاوبەشی وەبەرهێنان فەراهەم بکات، تا چارەسەری بەرخۆری بکەین، لە کۆتاییدا دیاردەی بەرخۆریزم لە کوردستاندا کەمبکرێتەوە و ڕێگری لێبکرێ. تاکە چارەسەر هەلێکی گشتیگرییانەیە لەپێناو هێنانەکایەکی هاوبەشی ئابووری کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆ گشت ئینسانەکان لەبەرچاو بگرێ و غەمی گشتی و بەرژەوەندی گشتی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێش هەر شتێك بێ بۆ ئینسانەکان، ئەوا بەو شێوەیە مەسرەفکردن تاڕادەیەك بنبڕ دەکرێت و دەتوانین چارەسەرەکان لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١. پێویستە ئابووری لە خزمەتی سەرجەم خەڵکی کوردستان بێت، نەک تەنها چینێکی دیاریکراو.

٢. گرنگە وەبەرهێنانەکان بەرەو پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان ئاڕاستە بکرێن و دوور بکەوینەوە لە بەکاربردنی زێدەڕۆیی و بێ پلانی.

٣. دەبێت ڕێگە لە هەموو جۆرەکانی قۆرغکاری بگیرێت، چ لە لایەن تاک یان کۆمەڵەوە بێت کە تەنها ئامانجیان بەکاربردنە.

٤. پێویستە پەیوەندییەکی گرێبەستی هاوبەش لە نێوان وەبەرهێنانی ئابووری و بەها کۆمەڵایەتییەکان دروست بکرێت، کە زەمینەی وەبەرهێنانی هاوبەش فەراهەم بکات.

٥. چارەسەری کێشەی بەکاربردنی زێدەڕۆیی لە کوردستان پێویستی بە هەنگاوی گشتگیر هەیە کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ هەموو تاکەکان دەستەبەر بکات.

٦. بەرژەوەندی گشتی و خێری هاوبەش دەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە بێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەکاربردنی ناپێویست کەم بکەینەوە.
٧. تەنها بە دروستکردنی سیستەمێکی ئابووری یەکسان و دادپەروەرانە دەتوانین کێشەی بەکاربردنی زێدەڕۆیی چارەسەر بکەین.

**دەرئەنجام**

بەرخۆریی و مەسرەفگەرایی و گەیشتن بە قۆناغێکی بنبەست و مەترسیدار، و بوون بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕۆژانەی دەسەڵات و جەماوەر دەتوانرێ چارەسەر بکرێت. دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ شێوازێکی نوێی «خودسازی» لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە دروستبووندایە، خودسازییەك بە پلەیەك دەست و پەنجەکانی دەسەڵات لە ڕێگای بەرخۆرییەوە ئاڕاستەی دەکات، بێگومان ناتوانێت هەموو دەرئەنجامەکانی کۆنترۆڵ بکات.
پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم خودە بەرخۆرە یەکێکە لە ئامرازە هەرە سەرەکییەکانی ئەو مۆدێلە لە دەسەڵات کە ئەمڕۆ باڵادەستە و زۆر ئەستەمە چارەسەر بکرێت کە سەرچاوەکەی مەسرەفگەراییە. دروستکردنی ئەم خودەش بەشێکە لە ستراتیژی بەگژداچوونەوەی ئەو قەیرانە قووڵانەی کە ڕووبەڕووی هاوڵاتی و کۆمەڵگا بۆتەوە و دەسەڵات و حیزب سەرچاوەکەیەتی. بەرپرسە حیزبییەکانی شاخ و دوێنێ، سەرمایەدار و دەوڵەمەندە بەرخۆرەکانی ئەمڕۆن، ئەوانەی لە دوای ساڵی (١٩٩١) ەوە هیچ شتێکیان نەبوو لە ئابووری و مۆڵك بەڵام ئەمڕۆ ملیاردێرن و سەرمایەداری پلەیەکی گەورەن.
مەسرەفگەرایی، وەك دیاردەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە کوردستاندا

پەرەیسەندوە، گروپێك لە هاوڵاتی لەپڕ و بێهۆ کە حیزب کردوونی بە سەرمایەداری بەهێز و خاوەن پڕۆژە، لە لایەکی ترەوە زۆرینەیەکی بێشومار لە هاوڵاتی کە ژیانیان مامناوەند یان لە خوار هەژارییەوەیە، کە پەراوێزنشین کراون و بگرە ژەمەخواردنی ڕۆژانەیان دەستناکەوێت، و بێگوومان سەرچاوەکەی ناعەدالەتییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە حیزب دروستکەرێتی و لەڕێگەی پارەی ئابوری نەوتەوە، ستەمکارییەکی بێئەندازە و ناعەدالەتی دروستکردوە. بۆئەوەی لە ڕووە دزێو و کوشندەکانی بەرخۆریی تێبگەین: دەبێ بەدوای پنتە شاراوەکانی بەرخۆریزمدا بڕۆین و بیدۆزینەوە، و ئەو کۆمەڵگا و تاکەکەسە فووتێکراو و هەڵخەتێنراوەی بەناوی خۆشبەختی بەرخۆرییەوە دروستکراوە ، دەرزییەکی پێدابکەین و بیتەقێنین. لە بەرامبەردا تاك و کۆمەڵگایەك دروست بکەین کە خاوەنی خۆی بێ، ئەمەش هەوڵ و کات و وزەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئینسانی خەمخۆری دەوێ بۆ ئەوەی بە هاوکاری هۆشیارییەکی دەستەجەمعی ڕەخنەگرانە بەر بە لێکەوتەکانی مەسرەفگەرایی بگرین و کۆمەڵگا و تاك لە ئاسەوارە خراپەکانی ئاگادار بکەینەوە و پێیان بڵێین کە مەسرەف وەك کاڵا نمایشت دەکات، ئەی مرۆڤ ئاگاداری خۆتبە، ئەگینا مرۆڤبوونت دەکەوێتە ژێر مەترسی و پرسیارەوە، بۆیە بیربکەرەوە .(سوقرات) گوتەنی «خۆت بناسە» و خاوەنی خۆت بە بۆ بڕیاردان و بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی خۆت و کۆمەڵگا. دەکرێ بە بەڕێوەبردنێکی دروستی ئابووریی و داهاتی نەوت زەق و چڕ بکرێتەوە.

## سەرچاوەکان

ئا- کتێب:
١- جامعە مصرفی، ژان بودریار، ت: پیروز ایزدی، تهران، ١٣٨٩.
٢- انسان تك ساحتی، هربرت مارکوزه، ت: محسن مویدی، تهران، ١٣٥٠.
٣- دیالەکتیکی ڕۆشنگەری، تیۆدۆر ئادۆرنۆ و ماکس هۆکهایمەر، و: هاوژین مەلا ئەمین، سلێمانی،
٤- مێژوو و هۆشیاری چینایەتی، جۆرج لوکاچ، و: هادی محمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٥- کۆمەڵگا و غەریبەکانی، مەریوان وریا قانع، سلێمانی، ٢٠١٨.
٦- دوا خەندەی دیکتاتۆر، بەختیار علی، سلێمانی،٢٠٢٠.
٧- چۆنە تا ئێستا هەموو شت ئاوانەبووە؟، ژان بۆدریار، و: وەلید عومەر، سلێمانی، ٢٠١٩.
٨- تورکیا و هەرێمی کوردستان: چ جۆرە پەیوەندییەك؟، د. سەردار عزیز، سلێمانی،٢٠١٥.
٩- لە چ ئێستایەکدا دەژین؟، مەریوان وریا قانع، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٠- گۆڤاری کۆنسێپت، کۆمەڵێك نوسەر، وتاری پرسی نایەکسانی ئابوری لە هەردوو تیۆری سەرمایەی مرۆیی و تواناداریی مرۆییدا، نیاز نەجمدین، سلێمانی، ٢٠١٣.
ب- وتار:
١- ئابوری کرێخۆری کەلتوری کوردی، ن: وەلید عومەر، ٢٠١٨.
٢- ژینگە، مەسرفگەرایی و...، ن: کەڤین هاریمەن و کەڤین نانس، و: هێمن خالید، ٢٠١٧.
٣- کاڵا و مەسرەف، ن: هاوار محمد، ٢٠١٣.
٤- لەعنەتی سامانی سروشتی: نەوت و گاز بەنمونە، ن: دانا حەمید، ٢٠٢٠.
٥- سوبێکتی بەرخۆر: ن: دانا حەمید، ٢٠٢٤.
٦- قەیرانی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان، گفتوگۆ لەگەڵ: پرۆفیسۆر: د. وشیار معروف، ٢٠١٩.
س- چاوپێکەوتن یا دیداری تەلەفزیۆنی
١- دکتر مهرداد وهابی، بی بی سی فارسی.